

# ئێمە بە بێ وشە مرۆڤ نەبووین

گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ "پاوڵ ئاستەر" نووسەری ئەمریکی

و: شۆڕش غەفووری



لەگەڵ "پاوڵ ئاستێر"ـی نووسەر، کاتژمێر سێی دەمەو ئێوارە بە کاتی نیۆیۆرک، کاتی گفتوگۆکەمان دیاری کرد. هەرچەند جارێک کە سەیری چاوە سەرنجڕاکێشەکانی وێنەکەی ئەو نووسەرە ئەمریکییەم دەکرد، زیاتر خوازیاری بیستی دەنگی دەبووم. بەو قەد و قیافە و دەنگەی خۆیەوە، بۆ نەبووەتە هونەرمەندی سینەما؟ کاتژمێر (١٠ :٣٠)ـی نیوەشەو تەلەفۆنم کرد. خۆی هەڵی گرت. زۆر بە پەلە نەبووین، کەمێک قسەی خۆشمان کرد و دواتر دەستم بە پرسیارکردن کرد:

* "شـار" لە زۆربەی چیـرۆکـەکـانتـان بەشی سـەرەکی پێک دەهێنێت، بەتایبـەت نیۆیۆرک و برۆکلین، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– زۆربەی کتێبەکانم وەهانە کە ئێوە باسی لێوە دەکەن، بەڵام هەندێکیشیان هەن کە لە نیـۆیۆرک روو نادەن، نیـۆیۆرک لە زۆربەیان دەبێ، نەوەک لە هەمـوویان. لەبارەی نیـۆیۆرک و برۆکلینەوە دەنووسم، چونکە شـوێنێکە کـە خـەریکی ژیان بەسـەربردنم تێـیـدا و لە هەر شوێنێکی تری جیهان زیاتر دەیناسم. ئامادەگیم لە وڵاتەکەمدا هەیە و چێژ لە ژیانی نێوی وەردەگرم. شار، گرینگی بۆم هەیە، هەر لەبەر ئەمـەشـە کە لە چیرۆکەکانمدا ئامادەگی هەیە، چێژ لە ژیانی نێو ئەو شارە وەردەگرم. حـەزم لەم شـەوق و هەڵنان و ئەم پانتـاییـیـە بەربڵاوەی مرۆڤەکانی ئێرەیە. دەبێت خۆتان بێن و لە نێزیکەوە بیبینن. کاتێک کە سـەیری دەکەن، باوەڕ ناکەن کە چەندە سەرگەرمی و جۆراوجۆری هەیە، هەموو دنیا دەبینن کە لە شەقامەکانی نیۆیۆرک پیاسە دەکەن، بەڕاستی ڕاڕا دروستکار و سەرنجڕاکێشە.

* نۆستالۆژیتان لەگەڵ نیویۆرکدا هەیە؟

– نا، بەڕاستی نا، من بەم شێوەیە پێناسی نیۆیۆرک دەکەم، شارێکی هەموو جیهانە، چونکە زۆرێک لە مرۆڤەکان دێنە ئێرە و دەتوانرێت بگوترێت کە بە واتای سەرەکی، نیۆیۆرک بەشێک نییە لە ئەمەریکا. من هەست دەکەم کە ئێرە تەواو وەکو ولاتێکی دەرەکییە.

* بیرم دێت لە گفتوگۆیەکدا، گوتبووتان کە ئێوە نیۆیۆرکین و نیۆیۆرکییەکی نائەمریکی. دەکرێت زیاتر مەبەستی خۆتان لەم قسەیە روون بکەنەوە.

– چونکە رێک هەمان هەستم هەیە، بیرم دێت کە جارێکیان کۆوارێکی شیعری چەند ساڵ لەمەوبەر چاپ بوو کە رووبەرگێکی جوانی هەبوو. لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: "ئەمریکا، لەپێش چاوانم ون بە". بەڕاستی جوان بوو، نیۆیۆرک ئێستاشی لەگەڵدا بێت، تەنیا باشییەکانی ئەمریکا نیشان دەدات. نیۆیۆرک شوێنێکە کە مرۆڤی جیاواز و زۆر بە جۆرە هەستی هەڵبژاردەوە دەژین. بە بڕوای من "هەڵبژاردە" باشترین وشەیە کە بەهۆیەوە دەتوانم شرۆڤەی نیۆیۆرک بکەم. راستە کە ئێرە کێشەیەکی زۆری هەیە، رەگەزپەرستی هەیە، راستە کە لێرە تودوتیژی و تاوان هەیە و تەواوی هەموو ئەو شتانەی کە لە شارە گەورەکان روو دەدات، بەڵام کاتێک وەبەرچاو بگرین کە چەندە خەڵک لێرە دەژین و چەندە کێشەیان هەیە، واقتان وڕدەمێنێت کە زۆربەیان دەتوانن لە تەنیشت یەکترییەوە بژین و پێکەوە هەڵکەن. هەندێک شاری جیهان هەن کە لە چەند ساڵی دوایی، تێیاندا تراژیدی تۆقێنەر رووی داوە، بۆ نموونە بولغاریا و سارایوو، خەڵکەکەی یەکتریان وێران

**ئەگەر زمانێک نەبێت، نەماندەتوانی بیر بکەینەوە و ئەگەر زمانێک نەبووایە، بیرکردنەوەمان بێ فۆڕم دەبوو**

**وشەکانە کە هۆشیاریمان فۆرموولە دەبێت، بەبێ وشە ئێمە مرۆڤ نەدەبووین**

کردووه، له کاتێکدا که نیۆیۆرک هیچ بەم شێوەیە نییە.

* لەگەڵ ئەو وەسفانە، که یازدەی سپتێمبەر رووی دا، چ هەستێکت هەبوو؟

– وێران بووم، هەستم بە بەدبەختی دەکرد و دڵگران بووم. ئەو کارەساتە بۆ خەڵکی نیۆیۆرک، وەکو تراژیدیایەکی بنەماڵەیی بوو. زۆر دژوار دەبێت تا بتوانرێت وەسفی بکرێت، سیاسەت، برۆریزمی جیهانی و هەموو ئەو شتانەی تر، له پلەی دووەمن بۆ گرینگی چونکه بەلانی کەمەوە هەموو مرۆڤەکانی نیویۆرک، یا بەلانی کەمەوە تا ئەو شوێنەی کە من دەیناسم، کەسێکی دەناسی کە کوژراوە. کەسێک دەناسم کە کوژرابوو یا ئەوەی کە کەسێکم دەناسی کە کەسێکی تری دەناسی کە کوژرابوو. خۆ له مەبەستم تێ دەگەی؟ ملیۆنان کەس لێرە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئازاریان پێ گەیشتبوو. گریمانەی ئەوە بکەن کە یەکێک تەلەفۆنتان بۆ دەکات و لەناکاو پێتان دەڵێت ببوورن، بنەماڵەکەتان، دایکتان، باوک و هەموو براکان و خوشکەکانت لە پیاکێشانێکی ئۆتۆمبێل، ئەورۆ گیانیان لەدەست داوە، بۆ منیش رێک هەر بەم شێوەیە بوو.

* لەو رووەوە کە یازدەی سپتێمبەر بۆ نیویۆرک کارەساتێکی گرینگ بوو، بڕیاری ئەوەتان نەداوە چیرۆکێک له بارەیەوە بنووسن؟

– قسەم لەبارەیەوە کردووە، له کۆبوونەوەیەکی گشتیدا، وەکو هاوولاتییەک بە کورتی لەبارەیەوە نووسیومە، بەڵام تاوەکو ئەورۆ له چوارچێوەی چیرۆکێک شتێکم نووسیوە، مەگەر له بەشەکانی کۆتایی (شێتایەتی له برۆکلین)، هێشتا ئامادەییم نییە، بە ئاسانی ناتوانم لەبارەیەوە بیر بکەمەوە و قسە بکەم.

* لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بە نووسەری پۆستمۆدێرن بانگتان لێ هەڵدەدێرن، کاردانەوەتان نیشان داوە و ئاسایی قبووڵتان کردووە، بۆ؟

– کێشەکە لەوەدایە کە من هەر لە بنەڕەتدا نازانم چمە. زۆر حەزم لە لەقەب و نازناو پێوەنان نییە و لەوەی کە لە چوارچێوەی ئەو واتایە پێناسم دەکەن، دڵخۆش نیم. ئەگەر کەسانی تر حەزیان لەوەیە کە بەو شێوەیە بانگم بکەن، شکایەتێکم نییە. کاتێک پیاسە دەکەم، تەنێ بیر لەو شتە دەکەمەوە کە بەڕاستی هەم، نەک شتێکی زیاتر.

* وا هەست دەکەم کە وشە زۆر بۆتان گرینگە، لە چەندین شوێنی چیرۆکەکانتان

ئاماژەتان بۆی کردووە؟

– لە قۆناغی یەکەمدا، ئامرازی کاری من، وشە هەموو شتێکی منە. هەموو کارم لەگەڵ وشەکانە، ئەوەیە کە ئەوان لەسەر لێنووس بچێنم، بەڵام لە روانگەیەکی جددی ترەوە، زمانە کە جیهانمان بۆ بەرهەڤ دەکات. ئەگەر زمانێک نەبێت، نەماندەتوانی بیر بکەینەوە و ئەگەر زمانێک نەبووایە، بیرکردنەوەمان بێ فۆرم دەبوو و نەماندەتوانی کەرەستەکان لێک جوێ بکەینەوە. ئێمە ناومان لەسەر کەرەستەکان ناوە، بەم رێگەیە لە یەکتریمان جیا کردوونەتەوە. نهۆ خەریکم سەیری مێزێک دەکەم، بەڵام ئەگەر وشەی "مێز" نەبێت، تێ ناگەم کە ئەو شتە چییە، کەواتە بە وشەکانە کە هۆشیاریمان فۆرموولە دەبێت، بەبێ وشە ئێمە مرۆڤ نەدەبووین.

**بە وشەکانە کە هۆشیاریمان فۆرموولە دەبێت، بەبێ وشە ئێمە مرۆڤ نەدەبووین**

* ئەگەر بڕیار وەهابێت بۆ یەک جار لە نێو نووسەری و دەرهێنەری، کامیان هەڵدەبژێرن؟

– نازانم، بیر لەوە دەکەمەوە کە نووسەری گرینگترین شتە کە بۆم گرینگە، لە قووڵاییی دڵمەوە حەزم لە فیلمە، بەڵام لە بەراورد بە پیشەی نووسەریم، هەڵبژاردنی دووەم. زۆر جیاوازی نییە، گرینگ چیرۆکبێژییە، بەڵام لە فیلم بە شێوە و جۆرێکی تر چیرۆک دەگوترێت و زۆر جێگەی سەرنجیشە، بەڵام من هەمان ئەو کارە دەکەم کە خوازیاری بووم.

**هەموو کەس دەتوانێت لە موزیک تێ بگات و بە زمانی موزیک قسە لەگەڵ یەکتری بکەن**

* گەورەترین داوا و ئاواتی ژیانتان چ بووە.

– ئارەزووەکانی من شتی سادەن. وەکو ئارەزووەکانی کەسانی تر. گەورەترین ئاواتم، سەلامەتی و شادی

بنەماڵەکەمە، ئەوەی کە هاوسەر و منداڵەکانم سەلامەت بن. دووەم ئەوەی کە ژیانێکی ئابڕوودارانەم هەبێت کە بەڕاستی بۆم گرینگە.

* لە دنیادا، لە چیی ژیان دەترسی؟

– بەڕاستی هەر ئەو شتانەی کە ئێستا ناوم بردن لە ئارەزووەکانم، روو نەدەن، کاتێک کەسێک بمرێت یا نەخۆش کەوم و ..

* سەیری چ فیلمگەلێک دەکەن و لە چ دەرهێنەرێک؟

– سەیری زۆر فیلم دەکەم. عاشقی فیلمە بێدەنگەکانم، زۆر لە چارلی چاپلین و باستێر کیتین رازیم و لە دەرهێنەرەکانی ئەوڕۆیش، زۆر خۆشم لە دەرهێنەری فەڕەنسی "ژان رێنوار" دێت.

* عادەتی تایبەتیتان هەیە بۆ نووسین؟

– من لە ماڵەوە کار ناکەم. ئاپارتمانێکی گوێزەرەوەم هەر لەم شوێنە هەیە و هەموو رۆژێک دەچمە ئەوێ، شوێنێکی زۆر هێمنە. کەس تەلەفۆنم بۆ ناکات. لێرە نێزیکە.

* لە کاتی نووسین، دەبێت دەورووبەرت بێدەنگ بێت یا گوێ لە موزیک دەگرن؟

– بێدەنگی بێدەنگ، هیچ کات لە کاتی نووسین، گوێ لە موزیک ناگرم. ئەگەر لە دەرەوەی ماڵەوەش دەنگەدەنگ هەبێت، پەنجەرەکە دادەخەم.

* گوێ لە چ جۆرە موزیکێک دەگرن؟

– عاشقی موزیکم، بە تایبەت موزیکی کلاسیک بەردەوام لە ژیانمدا خۆشم ویستووە، بەڵام خۆشیم لە موزیکی پۆپ و جاز و فۆلکلۆریی وڵاتانی تریش دێت. موزیک، زمانێکی جیهانییە، هەموو کەس دەتوانێت لە موزیک تێ بگات و بە زمانی موزیک قسە لەگەڵ یەکتری بکەن.

سازدانی: سەعید کەمال دیهقان